عێراق بۆیارێکی لەبەرژەوەندی کۆمپانیاکانی ئاوگۆڕ لە هەرێم دەرکرد

وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی حکومەتی هەرێم رایگەیاند، بانکی ناوەندی عێراق مۆڵەت دەداتە کۆمپانیاکانی ئاوگۆڕی دراو لە هەرێمی کوردستان و مەرجی دانانی سەرمایەی دو ملیار و 500 هەزار دیناریش هەڵگیرا.

وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لەڕاگەیەندراوەکدا باویکردەوە، بەبەد محەمەد بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان بەیاوەری شاندێك سەردانی بانکی مەرکەزی عێراقیان کرد و لەلایەن علی علاق پارێزگاری بانکی ناوەندی پێشوازی کران، لەکۆبونەوەیەکدا کە بەختیار حاجی محمد بەڕێوەبەری گشتی لە نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لە بەغدا و بەڕێوەبەری کۆمپانیا نیشتمانیەکان و کازم نامق بەڕێوەبەری گشتی لقی هەولێری بانکی ناوەندی و بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچونی دامەزراوە دارایيەنابانکیەکان ئامادەی بون، باس لە گرفتەکانی کۆمپانیاکانی ئالوگۆڕی دراو لە بانکی ناوەندی عێراق کرا لەسەر چەند خاڵێك ڕککەوتن.

سەبارەت بە ڕکەوتنەکە، لەڕاگەیەندراوەکەدا هاتوە، "تاوەکو ڕۆژی 31ی (ئازار/3)ی 2024

کۆمپانیاکانی ئاوگۆی دراو لە هەرەمی کوردستان مافیان دەبێت رێکارەکانی (دمج) تەواو بکەن و گشت مەرجەکانی بانکی ناوەندی جێبەجێبکەن و بەپێچەوانەوە دوای ئەم کاتە مافی وەرگرتنی مۆڵەتیان نامێنێت لەلایەن بانکی ناوەندییەوە بۆ مۆڵەتی پلە -ە- وە -ب-".

ئەوەشخراوەتەوە، لەسەر داوای بەڕێوەبەری گشتی تەمارکردنی کۆمپانیاکان مەرجی دانانی سەرمایەی دو ملیار و 500 هەزار دینار هەڵگیرا کە پێشتر وەك مەرجەکانی وەرگرتنی مۆڵەت دەبوایە کۆمپانیاکان ئەم بڕە پارەیە لە بانکی ناوەندی عێراق دابنێن.

باس لەوەشکراوە، ئەو کۆمپانیایانەی تەواوی مەرجەکانی بانکی ناوەندیان تەواو کردوە لەچەند هەفتەی داهاتو مۆڵەتی بانکی ناوەندییان پێدەدرێت.